# کرۆنۆلۆژیای کوردستان

1936 تا 1938

گەورەترین سەرهەڵدانی ئەو ساڵانە، لە دەرسیم دەبێ. ناوچەی کوێستانی و عەلەوی نشینی دەرسیم لە کاتی پێکهاتنی دەوڵەتی عوسمانیەوە نە ماڵیاتی بە دەوڵەت داوە و نە بۆ پشتیوانی لە شەڕدا یارمەتیی سەربازی بە دەوڵەتی تورکان داوە.

ئەو سەرهەڵدانە لەلایەن کەسێک بە نێوی سەید رەزا ـ ی دەرسیمییەوە رابەری دەکرێ . لە کۆتایی ساڵی 1936 ئەو سەرهەڵدانە تێکدەشکێ . عەلی شێر و دوکتور نوری دەرسیمی کە لە سەرهەڵدانی کۆچگیری ساڵی 1921 یشدا بوون, هاوکاری سەید رەزا یان لە سەرهەڵدانەکە دا کردوە !

لە سەرەتای ئەو ساڵەدا شەڕێکی قورس دەسپێدەکا، کە سوپای تورک تووشی زیانێکی زۆر دەبێت، بەڵام سەرەڕای ئەمەش، لە پایزی 1937 دا سەید رەزا و هەواڵانی بەدیل دەگیرێن و لە نوامبری 1937 لە ئەلعەزیز لە سێدارە دەدرێن. وەختایەک عەلی شێر کە دوای سەید رەزا سەرهەڵدانەکە رابەری دەکرد , لە لایەن جاسوسانەوە دەکوژرێ و سەرهەڵدانەکە بێ سەرۆک دەمێنێتەوە.

ساڵی 1938 لە دەرسیم ـ ی باکوری کوردستان، درەندەترین کۆمەڵکوژی بە شێوەیەکی سیستماتیک دژبە کوردان دەست پێدەکا . ژومارەی 80000 کورد دەکوژرێن . زیاتر لە 100000 کەس رادەگوێزرێن . سەرهەڵدانی دەرسیم لە ئاخری ساڵی 1938 دا کۆتایی پێ دێ.